www.kurdistannet.org

# کوردستان لــه نێوان
# چوار ڕووداوی گرنگ دا

نەوزاد وەلی

بارودۆخی سیاسی باشوری کوردستان ، شتێکی ئەوەندە ئاڵۆز نیە کە هاونیشتمانان بە ئاسانیی سەری لـێدەرنەکەن. لـە سێپتەمبەری 1997 بە دواوە ، بارودۆخەکە وەك خۆیەتی و نە شەڕ و نە ئاشتیی باڵـی کێشاوە بەسەر باشوردا و گۆڕانکارییەکی ئەووتۆ ڕووی نەداوە.

لـەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ قسەیەك نەکەین دەربارەی چوار ڕووداوی گرنگی ئەم سێ هەفتەیەی ڕابوردوو.

*ڕووداوی یەکەم:*

جوتە سەردانەکەی تاڵـەبانیی بۆ تورکیا و سەردانێکیش بۆ سوریا.

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکیەتی پرۆپاگەندەیەکی لـە ڕادە بەدەریان کرد بۆ ئەم سەردانانە و تا ئێستاش هەر بەردەوامن و بە شانوباڵـی ئەم سەردانە (مێژووییەدا) هەڵـئەدەن. باسی زۆر شتیان کرد تەنیا ئەو خاڵـە نهێنییانە نەبێت کە یەکیەتی ئەبەستێتەوە بە تورکیاوە و بەرپرسیارییەتی لـە هاوکێشەکانی ئاییندەدا چۆنە و چی ئەبێت!

ئەگەر تورکیا ئاواتی دێرینی 81 ساڵـەی بهێنێتەدی و کەرکوك و موسڵ بخاتە سەر تورکیای (دایك)! هەر وەك لـە ساڵـی 1986 بە دواوە ئاواتی نەوشیروانیشە ، ڕۆڵـی یەکیەتی چی ئەبێت؟

ئەو گەرەنتییانە چین بۆ هێشتنەوەی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکیەتی؟

کۆماری ئیسلامیی تا چ ڕادەیەك بە سنوری نوێی تورکیا ڕازیی ئەبێت؟

ئایا تاڵـەبانیی ئەتوانێت ناوچەکەی خۆی بە پشتیوانیی ئێران بپارێزێت لـە سنورشکاندنی تورکیادا؟ یان ئەم ناوچەیەش ئەکەوێتە ئەو هاوکێشەیەوە کە دوارۆژ تورکیا و ئێران کێشەسنورییەکانیانی پێ چارەسەر ئەکەن!

ئایا ڕۆڵـی سوریا و وڵاتە عەرەبییەکان چییە لـەم وەرچەرخانەدا؟ ئەبێ کوڕی ئەسەد چی بە لایەنێکی باشور بڵـێت جگە لـە ئامۆژگارییکردن بە گفتوگۆ لـەگەڵ ڕژێمدا و پاراستنی (یەکیەتی خاکی نیشتمانی عێراق)!!!.

تاڵـەبانیی لـە سەردانەکانیدا باسی زۆر شتی کرد تەنیا فیدراڵـیی ، یەکگرتوویی باشوری کوردستان ، ئاشتبوونەوە و هەڵـوێست لـە تۆڕانییەکان نەبێت!.

ڕاستییەکانیش ئەوە دەرئەخەن کە پەیمانی بە تورکیای براگەورە دابێت کە تۆڕانییە دەرکراوەکانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی لـە خۆی کۆبکاتەوە و لـەلای خۆی جێنشینیان بکات.

هەروەك چۆن مزگەوتی حسەینییەی کردەوە لـە سلـێمانی ، هەرواش قەڵایەك بۆ تۆڕانییەکان دروست ئەکات!.

زۆربەی تۆڕانییەکان باوەڕ بە حکومەتە پارەدار و دەسەڵاتدارەکەی هەولـێر ناکەن! ئەی ئەبێ ئێستا چی وای لـێکردبن کە باوەڕ بە حکومەتەکەی سلـێمانی بکەن؟

*ڕووداوی دووەم:*

وتاری بارزانیی لـە کردنەوەی خولــی نوێی پەرلـەماندا.

ئەم وتارە چەند بڕگەیەکی تیادایە کە ئەگەر باشوری کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ بووایە ، ئەوا ئەو وتارە بە ڕاگەیاندنی شەڕ دژی وڵاتانی دراوسێ لـەقەڵـەم ئەدرا.

تا ئێستا و لـە مێژووی 56 ساڵـەی پارتیدا و لـە هیچ ئاستێکی سەرکردایەتیدا ، هەڵـوێستی وا نەبینراوە!

www.kurdistannet.org

هەڕەشەکردنی ڕاستەوخۆ لە وڵاتانی دراوسێ ، بە تایبەتیی تورکیا و ئێران! خۆی لە خۆیدا وەرچەرخانێکە لە ڕەوتی سیاسی و دیپلۆماسییەتی کورددا!.

گەلـێ ئێمە زۆر جار لە پەلەقاژێدا بووە و لە هەندێ قۆناغی تێکۆشاندا لە مەترسی لەناوچووندا بووە ، بەڵام بەم شێوەیە هەڕەشەی لە دوژمنانی نەکردووە.

وا دیارە هۆکارەکانی ئەم وتارەی بارزانیی بریتی بن لە:

– ڕاگەیاندنی تورکیا بە کردنەوەی دەروازەیەك لەولای برایم خەلیلەوە و بە ماوەی دە کیلۆمەتر تێپەڕبوونی بە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا و تاوەناتاوێك داخستنی برایم خەلیل ، خۆی لە خۆیدا پەنجە خستنەسەر شادەماری ئابوری پارتی و ناوچەکەیە.

– ڕاگەیاندنی ئەم دواییانەی تورکیا بە زیندووکردنەوەی خەوە دێرینەکەی و داگیرکردنی ناوچەی موسڵ و کەرکوك ، مانای تەسکبوونەوە و بەڵکوو نەمانی ناوچەی دەسەڵاتی پارتییە!

– بزواندنی تۆرانییەکان و دروستکردنی کێشە و گێرەشێوێنیی لە ناوچەی دەسەڵاتی پارتیدا ، هۆکارێکی نائارامیی و تەشەنەکردنی قین و نارەزاییە.

– ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر ناوچەی دەسەڵاتی پارتی!.. ڕۆڵی یەکیەتی چی ئەبێت؟ چۆن و لەسەر چی ڕێککەوتوون (لە سەردانە گرنگە مێژووییەکەیاندا)؟

ئایا بە شێوەیەکی ئەووتۆ بەشدارئەبن؟ یان دورەپەرێز ئەبن و یەکدوو بەیانی نارەزایی دەرئەکەن و داوای لێبوردن ئەکەن لەوەی کە هیچیان پێناکرێت بەرامبەر بە تورکیا!

ئەمانە و دەیان هۆی تر هۆی توندیی وتارەکەی بارزانیین. گرنگیی وتارەکەش تەنیا لە توندییەکەیدا نیە! بەڵکوو لەوەدایە کە سنوری ترس شکا و بۆ یەکەم جار لە مێژوودا سەرکردەیەکی کورد هەڕەشە لە دراوسێکان ئەکات.

ئەی ئەبێ بارزانیی پشتی بە کێ قایم بێت کە وا بە ئاسانیی هەڕەشە لە دراوسێکان بکات؟

گومان لەوەدا نیە کە ئەمریکا پشتی لایەنێك ناگرێت کە هەڕەشە لە یەکێك لە پایەکانی پەیمانی ناتۆ بکات! بۆیە لە عێراق زیاتر لایەنێك شك نابرێت کە پارتی پشتی پێ ببەستێت لەم هەڕەشەیەدا!!!.

ئایا تاڵەبانیی ئەم جارەیان بە یارمەتی تۆرانییەکان ، کارێك ئەکاتەوە کە لەشکری عێراق ڕابکێشێتەوە ناو کوردستان و بە تەواویی جێگیری بکاتەوە لە ناوچەی دەسەڵاتی پارتیدا؟

ناوچەی سلێمانییش بە پاڵپشتی (برا) تورکمان و ئیسلامییەکان بپارێزێت لە لەشکری عێراق؟

**لە سیاسەتی کورددا هەموو دەرگایەك کراوەیە و هیچ شتێك نیە کە جێی سەرسوڕمان بێت، مێژووش لەلای ئێمە زووزوو دووبارە ئەبێتەوە.**

**ڕووداوی سێیەم:**

هەوڵی تێرۆرکردنی نێچیرەوان.

تێرۆرکردنی هاونیشتمانان و بە تایبەتیی ئافرەتان ، کارێکی ئاساییە لە کوردستاندا و لە ژێر سێبەری نەبوونی یاسای هاوبەش و ئاسایش و ئارامیی و پەرەسەندنی ئیسلامییدا.

بە تێرۆرکردنی فرانسۆ هەریریی دەرگای تێرۆری سیاسی خرایە سەرپشت. هیچ کارێك نەکرا بۆ سزادانی تێرۆریستەکان! لەگەڵ ئەوەشدا کە پارتی تاوانبارانی دەستنیشان کرد و دەیانی لـێ گرتن و دانیشیان نا بە تاوانەکەیاندا.

ئەگەرچی هەوڵی تێرۆرکردنی نێچیرەوان دیارنیە کە لەلایەن هەمان لایەنی ئیسلامییەوە بێت ، بەڵام ئەو ڕاستییە دەرئەخات کە ئیسلامییەکان و لایەنەکانی سەربە تورکیا ئەتوانن تێرۆری گەورە ئەنجامبدەن لە باشوری کوردستاندا.

لەبەرئەوەی کە دەسەڵاتێکی یەکگرتوو نیە لە باشوردا و ئەو لایەی کە دەستدرێژییەکەی ئەکرێتەسەر ، لە ترسی (برا دوژمنەکەی) خۆی (پارتی و یەکیەتی) ، ناوێرێت هیچ بکات بۆ ئەوەی لایەنی دەستدرێژکەر نەچێتە بەرەی (برا دوژمنەوە).

www.kurdistannet.org

بارزانیی لـەدوای کوشتنی فرانسۆ سوێندی خوارد کە تۆڵـە بکاتەوە .. لـەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو دنیا زانی کام لایەنی ئیسلامیی کوژەرەکانی فرانسۆن! بەڵام پارتی هیچی نەکرد!!

ئایا لـەبەرئەوە نیە کە ئەو ئیسلامییە تێرۆریستانە نەکەن بە دوژمنی خۆیان و دۆست و پاڵپشتی یەکیەتی؟ لـە کاتێکدا کە یەکیەتی لـەگەڵ گورزخواردوویيشدا بە دەستی ئیسلامییەکان ، کەچی هەر پەرەیان پێئەدات و هەر ڕۆژەی کۆمەڵێك ئیسلامیی تێرۆریست لـە داوێنی سلـێمانییەوە ئەکەوێتە خوارەوە.

## ڕووداوی چوارەم:

هەوڵـی تێرۆرکردنی بەرهەم ساڵح.

هێشتا تێرۆریستەکان ئاشکرا نەکراون ، کێن و سەربە چ لایەنێکن!

بەڵام ئایا هەمان تیۆری دەربارەی هەوڵـی تێرۆرکردنی نێچیرەوان بۆ بەرهەم ساڵـحیش دەست نادات؟

دور نیە کە هەوڵـی تێرۆرکردنی بەرهەم پەیوەندیی بە لایەنە ئیسلامییەکانەوە هەبێت.

چەند پارتی سزای ئیسلامییە کوژەرەکانی فرانسۆی دا ، یەکیەتی تۆڵـە بە سەبرە ئەمما بە زەبرەش هەر ئەوەی کرد لـە سزادانی ئیسلامییە تێرۆریستەکانی ئاوایی خێڵـی حەمەدا.

یەکیەتی نەك هەر ئەو پیاوکوژانەی سزا نەدا ، بەڵـکوو پەیمانی نوێشیان لـەگەڵـدا مۆرکردن و بە پێی خۆشیان هێنایاننەوە بۆ ناو شاری سلـێمانی دژی خواست و ویستی سەدان هەزار ڕۆڵـەی شارەکە.

ئایا ئەو چارەسەرە ترسنۆکانە و سەقەت و سقوتانە نیە کە بوونەتە هۆی تەشەنەکردنی تێرۆری سیاسی و پەرەسەندنی گێرەشێوێنیی ئیسلامییەکان و تۆرانییەکان لـە باشوری کوردستاندا؟.

ئایا هەنگاوی ئاییندەی تێرۆریستە ئیسلامییەکان چی ئەبێت؟ تۆ بلـێی هەوڵـی لـەناوبردنی خودی بارزانیی و تاڵـەبانیی نەبێت؟

ئیسلامییەکان ناوەندی گومانن لـە زۆربەی کارە تێکدەرییەکانی کوردستاندا ، بەڵام ناکرێ لـەم ڕووەوە باسی چەند هۆکارێکی تریش نەکەین.

لـەوانەیە پلانگێرانی شەڕی کوردکوژیی خۆشیان دور نەبن لـەم هەوڵـی کوشتنی (جوتە) سەرۆك وەزیرانەدا ، چونکە پێنج ساڵ لـە بارودۆخی نە شەڕ و نە ئاشتیی زۆرە و شەڕخوازان ناتوانن ئەوەندەی تر چاوەڕوان بن! بۆیە ئەمڕۆش نەبێ سبەی هەر ئەبێ شتێك بکەن.

بروا ناکەم تۆرانییەکان ڕاستەوخۆ دەستیان هەبێت لـەم دوو تێرۆرەی دواییدا ، چونکە ئەوان ئەوە نین کە شتی وایان لـێ بوەشێتەوە ، بەڵام مێژووی دوای شۆڕشی چواردەی تەموزی 1958 ئەو ڕاستییە ئەسەلمێنێت کە دوریش نین لـە پلانگێڕیی و کلـکایەتییەوە بۆ تورکیا و دامودەزگا جاسوسییەکانی.

ڕژێمەکەی (خاکی یەکپارچەیی عێراق)ی خۆشمان ، باڵاترین قوتابخانەیە لـە تێرۆر و جینۆسایددا ، بۆیە دور نیە کە ئەمیش ڕۆڵـێکی هەبێت لـە هەوڵـی لـەناوبردنی (جوتە) سەرۆك وەزیراندا.

کەواتە ئەمە یەکەم جارە کە هەڕەشەیەکی ئاوا گەورە و لـە هەمان کاتدا لـە هەردوو کابینەکەی باشوری کوردستان بکرێت و چوار میکرۆبی کوشندە یەکبگرن لـە دژی جەستەی کورد: هۆکاری ناوخۆیی ، ئیسلامیی ، بەعسیی و تۆرانیی.

جاران کۆستی کورد هەر ناکۆکییە ناوخۆییەکە بوو! بەڵام ئێستا لـە هەمان کاتدا هەماهەنگیی دوژمنانی کوردە کە کۆستێکی گەورەی ترە ، لـەم گەرمەی باسی گۆڕانکارییە لـە عێراق و ناوچەکەدا ، خەریکە شیرازەی ئەزمونەکەمان ئەپچرێت!.

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە بەبێ (کوشتن) هەردوو سەرۆك وەزیرانەکەمان لابرێن و بە (زیندوویی) بکرێن بە یەك سەرۆك وەزیران و هەردوو کابینەکەش پێش (کاولبوونیان) بکرێن بە یەك؟

ئایا ئەتوانین بەرەنگاری ئەو هەموو مەترسییە دەرەکییانە ببینەوە! لـە کاتێکدا خۆمان ماڵـمان وێرانە و پشتمان نەبەستووە بە یەکتر و ئەگەر پشتێکیشمان هەبێت ئەوا ئەبێ داگیرکەرێکی کوردستان بێت؟

مەگەر کورد نیە کە ئەڵـێ: دار پوازی لـە خۆی نەبێ ناقڵـیشێ.

www.kurdistannet.org

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە لایەنەکانی کوردستان وازبهێنن لـە کلکایەتی و چاوچنۆکیی و خۆژیاندن و ئیتر دور بکەونەوە لـە وابەستەیی بە پارتی و یەکیەتییەوە و ئەڵتەرناتیڤی سێیەم دروست بکەن و دەستبکێشنەوە لـە جوتە کابینەی ئەمڕۆ و بانگەشەی یەك کابینە بکەن؟

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە ڕیفراندۆمێك بکرێت لـە باشوری کوردستاندا ، بۆ شتی گەورە نا! تەنیا بۆ ئەوەی بزانرێت کە ئایا کورد ڕازییە بە دوو حکومەت و دوو سەرۆك وەزیرانی (تەقەلـێکراو) و دووسێ پارچەیی باشور؟

ئایا کوردی باشور شایانی ئەوە نیە کە بۆ جارێکی تر لـە مێژوویدا و پێش لـەدەستچوونی ئەزمونەکەی! هەڵبژاردنێکی گشتیی تر بکاتەوە؟

لـە هەموو (ئایا)کانیش ئایا تر: ئایا لـەدوای لـەدەستدانی ئەزمونەکە!(قەزا و بەڵا دور).. ڕاپەڕینێکی تر ڕووئەداتەوە؟ بەبێ پشتگیریی ئەمریکا و یەکنەبوونی لایەنەکانی کوردستان؟

بەڵـێ .. ئەمانە و هەزاران پرسیاری تر ئەو ئەندێشانەی کوردن کە هیچ لایەنێك وەڵامی ڕاست نەداتەوە و کورد هەمیشە وەڵامی ڕاستی لـە زەمانەوە وەرگرتووە و پاش ڕوودانی کارەساتەکان.